NHS

# کاتێک کە تووشی هەڵامەت یان ئەنفلۆنزا دەبیت، ئەنتیبیۆتیکەکان یارمەتیت نادەن!



## بەبێ ئەنتی بیۆتیک چاکتر بە

ئەم نامیلکەیە پێت دەڵێت بۆچی گرنگە چارەسەری گونجاو بۆ نەخۆشی باو وەک هەڵامەت، کۆکە و ئەنفلۆنزا وەربگریت، بەبێ ئەوەی ئەنتی بیۆتیک بەکار بێنیت.

## ئەنتی بیۆتیک چییە؟

ئەنتی بیۆتیکەکان دەرمانێکی زۆر گرنگن کە چارەسەری هەوکردن بە هۆی باکتریاکانەوە دەکەن. لەگەڵ ئەوەشدا، باکتریاکان دەتوانن خۆیان بگونجێنن و ڕێگە بۆ زیندوومانەوە بدۆزنەوە لە هەمبەر کاریگەری دەرماندا - ناوی ئەم باردۆخە **بەرهەڵەستی ئەنتی بیۆتیکە**. کاتێک ئەمە ڕوو دەدات، ئەنتی بیۆتیکەکان ئیتر کاریگەریان نییە، چونکە باکتریاکان بە ئەنتی بیۆتیکەکان ڕاهاتوون و لەڕاستیدا بەهێزتر بوون. هەندێک لە باکتریاکان کە دەبنە هۆی هەوکردن لە نەخۆشخانەکاندا، وەک MRSA، لە هەمبەر وەها ئەنتی بیۆتیکێکدا خۆڕاگرن.

## زانیاری پەیوەندیکردن


NHS Leeds Clinical Commissioning Group,
Wira House, Suites 2 - 4,
Leeds, LS16 6EB

leedsccg.comms@nhs.net

0113 843 5470

www.leedsccg.nhs.uk

@nhsleeds

/nhsleeds


گەر ئەم بەڵگەیەت بە زمان/ چوارچێوەیەکی تر دەوێ، تکایە پەیوەندیمان پێوە بکە

## چۆن هەڵامەتەکەم چارەسەر بکەم؟

باشترین ڕێگە بۆ چارەسەرکردنی زۆربەی هەڵامەت یان کۆکە قورگ ئێشە خواردنەوەی ئاو و پشوودانە. دەکرێ هەڵامەت دوو هەفتە بخایەنێت و لەوانەیە بە کۆکە و بەڵغەم کۆتایی پێبێت.

بۆ یارمەتیدانت چارەسەری زۆر هەیە - بۆ نموونە، پاراستامۆل
**لەگەڵ دەرمانسازەکەت ڕاوێژ بکە.**



کاتێک سەردانی پزیشکەکەت بکە کە:

- هەڵامەت زیاتر لە 3 هەفتە بخایەنێت
- تووشی هەناسەتەنگی بیت
- تووشی ئازاری قەفەزەی سنگ بیت
- بەرلەوە کێشەت هەیە لە قەفەزەی سینگتدا

## کەی ئەنتی بیۆتیکم بۆ ڕێگەپێدراو دەکرێت؟

تەنیا پزیشکەکەت دەبێ ئەنتی بیۆتیک ڕێگەپێدراو بکات ئەوەش ئەو کاتە کە پێویستت پێیەتی - بۆ نموونە گەر تووشی هەوکردنی گورچیلە یان پزووو (هەوکردنی سییە) بوو بیت.
ئەوان دەتوانن لە هەوکردنی وەک هەوکردنی پەردەی مێشک تاک ڕزگار بکەن. لە کاتی بەکارهێنانی ئەنتی بیۆتیکەکاندا تەنیا گەر پێویست بکات، ئەگەری ئەوەکە کاتێک کە بەڕاستی پێویستت پێی هەبێت کاریگەر بێت، زیاترە.

## لەسەر بەرهەڵستی بۆ ئەنتی بیۆتی چیم پێدەکرێ؟

تەنیا لە کاتی گونجاودا ئەنتی بیۆتیک بەکار بێنە. زۆربەی کۆکە و هەڵامەتەکان بەخێرایی بەبێ خواردنی ئەنتی بیۆتیک چاکتر دەبن. گەر ڕێگەپێدراو کران، **هەمووکات خولی چارەسەری تەواو بکە** - گەر ئەمە نەکەیت، لەوانەیە هەندێک لە باکتریاکان بمێننەوە و بەرەنگاری بکەن.



**بۆ بەدەستهێنانی زانیاری زیاتر سەردانی:**
**WWW.NHS.UK/ANTIBIOTICS**
**بکە**

## منداڵەکانم چی، بەردەوام تووشی کۆکە و هەڵامەت دەبن؟

زۆر ئاساییە کە منداڵان تووشی کۆکە و هەڵامەت بن، بەتایبەت کاتێک دەچنە قوتابخانە و لە لای منداڵانی ترن. **داوا لە دەرمانسازەکەت بکە ڕاوێژکاریت پێبدات.**

گەر نیشانەکان مانەوە و نیگەران بوویت، سەردانی پزیشکەکەت بکە، بەڵام چاوەڕوانی ئەوە مەکە ئەنتی بیۆتیکت پێبدرێت.

## بۆ نابێ ئەنتی بیۆتیک بۆ چارەسەرکردنی هەڵامەت و کۆکە بەکارنەهێندرێت؟

ئەنتی بیۆتیکەکان بۆ چارەسەری ئەو هەوکردنەکانە گونجاون کە لە لایەن باکتریاکانەوە دروست دەبن ئەنتی بیۆتیکەکان **کاریگەریان نییە** لەسەر هەوکردن بە هۆی **ڤایرۆسەکانەوە**. هەموو هەڵامەتەکان، زۆربەی کۆکە و قورگ ئێشەکان لە لایەن **ڤایرۆسەکانەوە دروست دەبن.**

